هەرێمی کوردستـــان-عێــراق
وەزارەتی خوێندنی بـــاڵا و توێژینەوەی زانســتی
زانـــکۆی سەڵاحـــەددیـن- هەولێــر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/بەشی کۆمەڵایەتی

# شیکردنەوەی توانستەکانی دروستبوون و گەشەکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی لە قەزای ڕەواندز

لێکۆڵینەوەی دەرچوون وەك بەشێ لە داواکاری وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس
پێشکەشە بە بەشی کۆمەڵایەتی

## ئامادەکردنی قوتابیان

عبدالله محمد هادی- سیڤان شوان خضر

بەسەرپەرشتی
م. سەنگەر أحمد

(٢٠٢٣-٢٠٢٤) زایینی

# پێرستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم و پێناسەی گەشتوگوزاری ژینگەیی و توانستی دروستبوون گەشە کردنی لە قەزای ڕەواندوز | |
| بەشی دووەم :گەشەکردنی گەشت وگوزاری ژینگەیی لەقەزای رواندز | |
| بەشی سێیەم.توانستی گەشەکردنی گەشتووگوزار لە قەزای رواندز | |
| باسی یەکەم :توانستە سروشتیەکان | |
| باسی دووەم: توانستە مرۆییەکان | |
| دەرئەنجام | |
| راسپاردە | |
| لیستی سەرچاوەکان | |

## بەشی یەکەم :

قەزای رواندز یەکیکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٤٤,٢٦,٣٩) و(٤٤,٥٣,٥٢)وەبازنەی پانی (٣٦,٢٦,١٦) و(٣٦,٤٤,١٣) وە دەکەوێتە داوێنی بناری چیای کۆرەك لە نێوان دوو دۆلی بیَ ئەندازەی ترسناك بەدۆڵەکەی ڕۆژهەڵات دەڵێن خەرەند بە دۆڵەکەی ڕۆژئاواش دەلێن خاڵە ڕەش ئەم کێوە چیانە دەوروبەری دەەدن لەباکوور چیای زۆرگ و حەسەنبەگ لەباشووریشەوە کۆڕەك وئارمووش لەڕۆژهەتەوە چیای هەندرێن ،وە بەپیَ شوێنی جوگرافی دەکەوێتە قەزای چۆمان لەرۆژهەلاَت و قەزای سۆران لەباکووروە قەزای شەقلاوە لەرۆژئاوا وە سنووری پارێزگای سلێمانی لەباشوور.(بیخال،٢٠٠٦ ل١٢).

نەخشەی - ١ -

شوێنیجوگرافی قەزای رواندوز لە پارێزگای هەولێر




سەرچاوە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلاندانان ، بە رێوەبەرایەتی نەخشە ، هۆبەی GIS ، نەخشەی نەحیەکانی پارێزگای هەولێر ، ٢٠١٥ .

**پێناسەی ژینگە :**

زانستی ژینگەی نوێ دەناسرێت بە(الایکولجیا) کەئەم ناوەندەیە یان ئەو شوێنەیە کەمرۆڤ تێیدا دەژیت کە کارێگەری سرووشتی ومرۆیی کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت.(الصریفی،٢٠٠٧،ص١٠)

پێناسەی ژینگە:

ژینگە ئەو ناوەندەییە یان ئەو بوارەییە یان ئەو پانتای و شوئنەیە کە روبەرئکی دیاریکراو دەگرئتەوە لەوانەیە بچوك بئت یان گەورە بئت ، گشت توخمە زیندوو و نازیندوەکانی ناو ئەو روبەرە لە خۆدەگرئت و

کاریگەری هەیە لەسەریان پێیان کاریگەر دەبێت، هەروەها کارلێك دەکەن و هاوکات پەیوەندییەکی ئالوگۆر لەنێوانیاندا دەبێت ئەو هەموو پەیوەندی و کارلێك کردنە لەسەر یەکتر لە چوار چێوەی سیستەمێکی دەستنشیانکراودا رودەدات کە پێی دەگوترێت (سیستەمی ژینگەی). (سولەیمان ،٢٠١٢،ص٢)

ژینگە: بەواتا گشتییەکەی (( ئەو ناوەندەییە کە بەهەموو بارودۆخێکی کیمیای و فیزیایەوە دەوری مرۆڤی داوەو کار لە یەکتری دەکەن)).(حسێن،٢٠٠١،ص ١٢)

بە واتاییەکی تر ژینگە بریتیە (( لەو زەوییەی بە سەرییەوە دەژین و لەو ئاسمانەی کە دایپۆشیوین هەروەها هەروەها هەموو ئەو بونەوەرە زیندوو و نازیندوانەی کە کارمان تێدەکەن و کاریان تێدەکەین هەموو ئەو شتانەن کە هەستەوەرییەکانی بینین و بیستن و بۆن و چەشتن و دەست بەریەك کەوتن پێمان رادەگەیەننجا ئەو شتە سروشتکار بێت یان ئادەمیکار)).(حسێن،٢٠٠١،ص١٢

پێناسەی گەشتووگوزار :

بەبێ گومان گەشتووگوزار چالاکیە پشت بەجموجۆلی دانیشتوان دەبەستێت نەك زۆری کەل وپەل وبەرهەمهێنان،گەشتووگوزار کۆمەلێکلەجموجۆلی شارستانی وئابووری ریکخست ئەویش چوون بۆ ولآتێك جگە لەولآتی خۆت وتێیدانیشتە جێ ببێت بەمەرجێك لە(٢٤)کتژمێر کەمتر نەبێت ،بەهەر هۆکارێك بێت جگە لەهۆکاری کارکردنەوە بەمەرجێك لەسەر ئەستۆی خۆت بێت،(محمود ،١٩٨٠،ص١٢)

پێناسەی گەشتوگوزاری ژینگەیی:

ئەم زاراوەیە بەدیار کەوت لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەمە تارادەیەك زاراوەیەکی تازەیە،ئەم پێناسەیە دەرکەوت بۆ گەشتیارانی هاوریی ژینگە کەوایە مرۆڤ لەژیانی خۆی دا بەکاری دینێ بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لەسرووشت ئەو ژینگەیە و ئەو شارستانیەی کەتیادا دەژین کەوا چالاکیەکانی خۆی تیا ئەنجام دەدات وەئەوەی پەیرەوی دەکات تەواو ئازاد نیە هەرشتێك بیەویت بیکات بەبێ لێپێچینەوە بەلکو ئەو ئازادە بەلآم بەرپرسیاریشە لەوەی دەیکات(الصیرفی، ١٩٩٢،ص٧)

گرنگی گەشتووگوزاری ژینگەیی:

گەشتووگوزاری ژینگەیی گرنگی تایبەتی هەیە گرنگیەکەش لەوەسەرچاوەی گرتووە کە کار دەکات بۆ بەدیهێنانی کۆمەلێکی تەواو لە ئامانجەکان وەلەهەمان کاتدا گرنگیەکەی لە خوودی خۆی وەر دەگرێت کە هەلقولآوە لەسرووشتی ئەنجامدانی ،وە دەتوانرێت گرنگترین لایەنەکان لەم چەند خالانە بناسرێن:

١–پارێزگاری کردن لەهاوسەنگی ژینگەیی و پاشان پاراستنی ژیانی سرووشتی و وشکانی ودەریایی لەپیس بوون ،دواتر بەکارهێنانی وەك پرگرامێکی خۆپاراستن کەدەبێتە مایەی پارێزگاری لە ئالیەتی بەدەست هێنانی  هاوسەنگی تەندروستی وژینگە .

٢–دانانی زەوابتی کەم کردنەوە لە بەکار بردنی یان بەکارهێنانی یان دەرهێنانی ماددەکان کە پارێزگاری لە تەندرووستی وسەلامەتی گشتی بۆ نوێبوونەوەی سامانەکان ولەدەست نەدانیان بزر نەکردنیان  خۆ بزر نەکردنیان وەلە هەمانکاتدا بەدەست هێنانی بەرزترین رادە لە پارێزگاری کردنی .

٣– گەشتوگوزاری ژینگەیی ژیانێکی سادە وساکار دابین دەکات کە دوورە لەهەراسان ودڵتەنگی دلەڕاوکێ بەرێگری کردن لەژاوەژاوو تیشك دەرەگازیەکان کە کار دەکاتە سەرتوانای مرۆڤ بەشێوەیەك نزیکی دەکاتەوە لەسرووشتی سادەیی و ژیانی سادە ودوور لە ئالۆزی .

٤–گرینگی ئابووری گەشتووگووزاری ژینگەیی خوی دەبینێتەوە لەبواری  ئابووری دابینکراو بەشێوەیەك شوینەکانی ئەنجامدانی گەشتووگوزاری ژینگەیی  بەگەورەترین سامان دەگمەنەکان دادەندرێت لەجیهاندا کە دەتوانرێت سوود لە رەگەزی دەگمەنی  بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام وەربگرێت کە دەتوانرێت بەدی بهێنرێت  لەاهات وقازانجەکان ، وەدابینکردنی هەلی کار بۆبیکاران ،جۆراوجۆری لەداهاتی ئابووری و سەرچوەکانی داهاتی نەتەوەیی ،باشکردنی ژێر خان وزیادکردنی داهاتی حکومی .

٥–گرنگی رامیاری گەشتوگوزار  کەخۆی دەبینێتەوە لە ئاسایشی ژیتگەیی ئەمەش بەدوور خستنەوەی ولاٌتان لە تەنگژەکان بەهۆی نارەزایی تاکەکان لە پیس بوون  یان زین گەیاندن بە ژینگە ،راستکردنەوەی ئەمەش بەگەشتووگوزاری ژینگەیی تەواو دەکرێت.

٦–گرنگی کۆمەلایەتی گەشتووگوزاری ژینگەیی بەشێوەیەك گەشتووگوزاری ژینگەیی بە هورێی کۆمەڵگە هەژمار دەکرێت  بەسوود وەرگرتن لەوەی کەبەردەستە لە کۆمەڵگە لەسامانەکان وتاکەکان بەشێوەیەك کاردەکات لەسەر گەشەپێدانی پەیوەندیە کۆمەلاٌیەتیەکان وبەدی هێنان وباشکردنی کرداری نۆێبوونەوەی کۆمەڵگەو گواستنەی کۆمەڵگە دابڕاوەکان بۆ کۆمەڵگە کراوەکان وەکار دەکات لەسەر مانەوەی کۆمەڵگە لەباری کارکردنی بەردەوام وکەمکردنەوەی مەترسیە وەرزیەکان  وەئەوەی لێی دێتە دی  لەڵە راوکێو تەنگژەی کۆمەلایەتی .

٧–گرنگی رۆشنبیری گەشتوگوزاری ژینگەیی دامەزراوە لەسەر بلاٌبوونەوەی زانیاری وزیادبوونی کاریگەریی زانیاری لەسەر پێشکەوتن و پێشکەشکردنی بەرنامەی گەشتووگوزاری ژینگەیی  وبلاٌوبوونەوەی رۆشنبیری پاراستنی ژینگەو پاراستنی  پاشماوەو کەلتووری رۆشنبیری مرۆڤایەتی ،وە رۆشنبیری شارستانی و

مێژووییەکان ،وەپیشەسازی رووداوەکان و یادە رۆشنبیریەکان ، وکارکردن لەسەر سوود وەرگرتن لە رۆشنبیری خۆجێبەتی وەك هونەرەجوانەکان و ئاداب وفۆلکلۆر وگەشتوگوزاری چاوپێکەوتنە رۆشنبیریەکان .

٨-گرنگی مرۆیی ،گەشتوگوزاری ژینگەیی بەچالاکیەکی مرۆیی دەژمێردرێت کاردەکات بۆ دابین کردنی ژیانی جوان بۆ مرۆڤ وپێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بۆ دڵەراوکی ودوو دڵی ودابینکردنی حەوانەوەو خۆگونجاندن وگەرانەوەی چالاکی وهاوسەنگی بیر وهەست و پاکی نەفس و چارەسەری نەخۆشیەکانی سەردەم(www.ts3a.com)

# بەشی دووەم:

## گەشەکردنی گەشتوگوزاری ژینگەیی:

گەشتو گوزاری ژینگەیی بەیەکێك لەسەرچاوەکانی نوێ لە نێوان نەتەوەکاندا گەشتیاران بە رێژەیەکی زۆر رووی تێدەکەن و پەرەی پێدەدەن، وە بە رێژەیەکی گەورەو زۆر خەرجی بۆ گەشتیاری ژینگەیی دەکرێ بەلآم زاراوەی ( گەشتوگوزاری زینگەی ) لە سالآنی هەشتاکان بەدیار کەوت لەسەدەکانی رابردوو لەسەدەکانی کۆنەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە بۆنمونە لە سەرەتا توێژینەوە لە سەر باڵندەکان کراوە بە چاودێری کردنیان ئەمە یەکێکە لە جۆرەکانی گەشتی ژینگەیی زیاتر لە (٣٠) جۆری باڵندە کۆچیان کردووە لە ولآتی مصر لە سالی١٨٠٠ز بۆ چاودێریکردنیان بەلآم لەوکاتە دەستەیەکی تایبەت و پێشکەوتوو نەبوو بۆ ژمێریاری باڵندەکان و هەروەها کاری جیاکردنەوەو سەرژمێریان کارێکی قورس و گران بوو بۆ ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان دەکرد چ بە گوێرەی کات و نەخشەی جوگرافی بەلآم دەتوانین باسی هەندێك شوێن بکەین کە پەرەیان پێدراوە ساڵ لەدوای ساڵ ئارەزووی گەشتیاران زیادی کردووە بۆ ئەم باڵندانە یان جاودێری کرنی باڵندە وە ئەم حەزە بۆ باڵندە حەزێکی قوول و کۆنە لە لای ئەورووپیەکان و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقیا ، وە ئەم جۆرە گەشتە بۆ ئەم ولآتانە بەرهەم هێنەرە بۆیان بۆیە سەرژمێری کراوە تاکو ئێستاش کە نزیکەی (١٠) ملیۆن زیاتر جاودێری ئەم باڵندانە دەکەن وە سالآنە چەندان ملیۆن دۆلار بۆ ئەم جۆرەی باڵندانە خەرج دەکەن .(فؤاد،٢٠٠٨،ص٨٩)

یەکەم/ قۆناغی گەشتی ڕێکخراو: بۆچاودێری ئەم باڵندانە لە ولاتی مصر لە سالی (١٩٧٧)زدەستی پێکرد لەلایەن مۆزەخانەی مێژوویی سروشتی ئەمریکی و ڕێکخراوی پاشایی، رێکخراو بۆ پاراستنی باڵندەکان لە دوای ئەم قۆناغە زیاتر پەرەی سەند لە سەرەتای نەوەدەکان ڕێژەی گەشتیاران بۆ سەیرکردنی باڵندەکان لەوشکانی گەیشتە(٪١٣.٣) .( مولوفیة،٢٠٠٧،ص٤٤)

وە هەروەها پێشکەوتنی گەشتیاران بۆ چاودێری کردنی باڵندەکان لە وشکانی بۆ پاراستنی ژینگەیی سروشتی هەروەها دەتوانین ڕێژەی گەشتیاران دابەش بکەین بۆ دوو بەش:

**یەکەمیان**:زیادبونی گەشتیاران بۆ چاودێری کردنی ژیانی باڵدەکان لە سەر ووشکانی گەیشتە(٧٩)لەسالی ١٩٠٤ بەلام لەساڵی ١٩٨٨ ڕێژەی گەشتیاران گەیشتە ١٠٦ ملیۆن گەشتیار کە دەکاتە لە(٪٣٤) واتە ساڵانە(٪٥.٦ ) زیادبووە

**دووەمیان**:زیادبونی ژمارەی گەشتیاران بۆ پاراستنی جوانی سرووشت (١٥٧)ملیۆن گەشتیار بووەلەساڵی ١٩٨٨ وە لەساڵی ١٩٩٤ ژمارەی گەشتیاران(٢١١) ملیۆن گەشتیار بووە ڕێژەکەی کە دەگاتە نزیکەی (٪٣٤.٣) ساڵانە دەگاتە نزیکەی (٪٧.٥)(نقشبەندی،٢٠٠٤،ص٨٢)

وە پێشکەوتن وگەشەکردن زیاتر لە دوو جۆر ژینگە دەکرێت ئەوانیش:

– لە جەزیرەی ( Galapagos) سەر ژمێری وامان پێ نیشان دەدات کە گەشتو گوزاری ژینگەیی بە شێوەیەکی جێگیر پێش دەکەوێت .لە سەرەتای نەوەدەکان تاکو ئیستا ساڵانە بە نزیکەی (٦٠) هەزار گەشتیار .

– لە ناوجەی Annapvrana)) لە نیپال بەناوبانگە بە گەشتو گوزاری گەران وە ڕێژەی گەشتیاران زیادی کردووە و گەشتیارە گەرۆکەکان کە حەزیان بە گەران هەیە لەم جۆرە گەشت و گوزارە

– لە کینیا ڕێژەی پێشکەوتنی گەشتیاران لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣_١٩٩٣ گەیشتە( ٪٤٥ )ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە ژمارەی گەشتیاران زیادی کرد لە (٣٧٢٠٠٠) بۆ (٨٢٦٠٠٠ )گەشتیار توێژینەوەکان وایان نیشان دا لە کینیا (٪٨٠ )ی ئەوانەی بە گەشتیار هاتن بۆ خۆشی کردن لە لە ژیانی سەر ووشکانی و چاودێری کرنی باڵندەکان لەو ناوچەیەی سەردانی دەکەن .

توێژینەوەکان نیيشانیان دا کە ٨ ملیون گەشتیاری ژینگەی بەشداریان کردوە لە سورانەوەی گەشت و گوزاری ژینگەیی لە ساڵی (٢٠٠٥) وە (٣٥) ملییۆنی دیکە لەوانەیە هەستن بە بە سورانەوەی گەشتیاری ژینگەیی بۆ سێ ساڵی داهاتوو

– دەزگای گەشتیاری نێودەوڵەتی لە ساڵی (٢٠٠٠ ) ژمارەی گەشتیاری ژینگەیی گەیشتە (٦٦١) ملیۆن گە شتیار (الجلاد،٢٠٠٢ص٥٩)

– زیاد بونی ژمارەی سالآنەی نێو دەوڵەتی بۆ سەردانی کردنی گەشت و گوزاری ژینگەیی ، بۆ چەند دەوڵەتێکی جیهان وەك خشتەکە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەم وە سەر ژمێری کردن لە سەر رێژەی گەشتیاران لە گەشت و گوزاری ژینگەی پێشکەوتنێکی گەورە بووە لە ماوەی سالآنی نەوەدەکان بە تایبەتی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان کە بواری ئابوریان باش بووە(خطاب،٢٠١٢،ص٣٥٠)

خشتەی ﴿١﴾

گەشەی گەشتیارانی گەشتوو گوزاریی ژینگە لە هەندێك دەوڵەتانی جیهان

| دەوڵەت | ساڵی (١٩٩٠) | سالی (١٩٩٩) | زیادبوون لەو ماوەیە | تێکرای سالانە بە رێژە ٪ |
|---|---|---|---|---|
| جنوب افریقیا | ١٠٢٩٠٠٠ | ٦٠٢٦٠٠٠ | ٤٨٥,٦ | ٥٣,٩ |
| کوستاریکا | ٤٣٥٠٠٠ | ١٠٢٧٠٠٠ | ١٣٦ | ١٥,١ |
| اندنوسیا | ٢١٧٨٠٠٠ | ٤٧٠٠٠٠٠ | ١١٥,٨ | ١٢,٩ |
| بیلز | ٨٨٠٠٠ | ١٥٧٠٠٠ | ٧٨,٤ | ٨,٧ |
| ایکوادۆر | ٣٦٢٠٠٠ | ٥٠٩٠٠٠ | ٤٠,٦ | ٤,٥ |
| بوتسوانا | ٥٤٣٠٠٠ | ٧٤٠٠٠٠ | ٣٦,٣ | ٤ |

المصدر: م.نیاز عبد**العزیز خطاب .٢٠١٢.السیاحة والبئة ولامکانات نشوها و تطورها في ىقليم كوردستان. ل٣٥٣،المطبعة شهاب اربیل ،الرقم ٢٢.**

وە هەر سەبارەت بە گرنگی گەشتوو گوزاری ژینگەیی سەرەرای گرنگیە ژینگەییەکەی لە رووی چاك کردن و پاراستنی لایەنی رۆشنبیری ژینگە لە پێناو ناسینی ژینگەکان و شوێنە دەگمەنەکان و بوونی شارەزای و کرانەوە بە رووی رۆشنبیری و شارستانیەتەنوێیەکانی دانیشتوانی شارە گەورەکان و هەرێمە گەورەکان ، چەندین پاشەکەوتی ئابووری گرنگی هەیە لەو ولاتانەی کە تیایدا دروست دەبێت و گەشە دەکات لە رێگەی دەستەبەر کردنی دراوە گرانەکان (الجلال ٢٠٠٢،ص٥٩)

– داهاتی گەشتیاری ژینگەی لە ئەمریکا گەیشتە (١٥٤)بلیۆن دۆلار لەسالی (٢٠٠٠) دا .

– له باخچەی کۆمدۆی له ئەندەنوسیا گەشتیارەکان نزیکەی (١٠٠)دۆلاری ئەمریکی خەرج دەکەن له کاتی سەردانیکردنی ئەو باخچەیە ،له بەرامبەریشدا ئەو گەشتیارانەی که گەشتی دەریایی دەکەن له ڕێگەی بەکارهێنانی بەلەم نزیکەی (٣) سەنت خەرج دەکەن  ئەمەش مانای ئەوەیە داهاتی گەشت و گوزاری ژینگەی زیاترە.(تاجلاد،س.پ،ص٥٩)

– وە هەتاکو ئیستا وەکو پێویست گرنگی بە گەشت و گوزاری ژینگەیی نەدراوە له هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچەی ڕەواندز بەلام ناوچەی ڕەواندز ناوچەیەکە که زەمینەیەکی زۆر له باری هەیە بۆ گەشت و گوزاری ژینگەی و دەتوانرێت گەشەی پێ بدرێت بە هۆی سروشتە جوانەکەی و ژینگە سەوزو جوانەکەی و هەموو ئەو هۆکارانەی که پێویستە هەبن له ناوچەیەك بۆ دروست بونی گەشتوو گوزاری ژینگەی،

له ناوچەی  ڕەواندز هەیە وە له هەندێك شوێن له هەرێمی کوردستان کاری لەسەر کراوە چ له ڕێگای دەستەی گەشت و گوزار بێت چ لەڕێگای کۆمەل و ڕێکخراوی مەدەنی بێت بۆ نموونە ناوچەی بارزان مێژوویەکی دێرینی هەیە له ژینگە پارێزی و پارێزراوی سروشتی که توانیویەتی سەرنجی گەشتیاران بە لای خۆی رابکێشێت بە هۆی بوونی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی  دەستکاری نەکراو و سروشتی جوان کراو له بەشێك له شوێنەکانی  ئەمە وەك سیستەمێکی کۆمەلایەتی گونجاو بە بێ دەستکاری حوکمەت و دەسەلات ئەمە وای کردوە گەشە بکات و پێشکەوتنی باش بە خۆیەوە ببینێت و ببێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەوەی گەشتوو گوزاری ژینگەیی لەسەر گەشە بکات و ناوچەکانی تریش وە ئەم ناوچەیە بکەن بە دابین کردنی خزمەتگوزاری و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بەم ڕێگایە دەتوانین وا له گەشتیاران بکەین بۆ گەشت کردن بۆ ئەم ناوچەیە بە سەیرکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و پارێزراوی سروشتی ، وە هەروەها ناوچەی باڵەکایەتی گەشتوو گوزاری ژینگەیی تیایدا گەشەی کردووە بە هۆی دروستکردنی (ناشنال پارك) له سالی (٢٠٠٥) بریاری لەسەر درا و له سالی (٢٠١٠چووە بواری جێبەجێ کردنەوە وە ئیستا قۆناغێکی باشی بریوە و گەشەی کردووە وە بۆردێك سەرپەرشتی دەکات لەلایەن قایمەقامی چۆمان که قۆناغی باشی بڕیوە وەك دروستکردنی (فتاح،٢٠١٤،ل٣٤)

ئۆفیس و مۆزەخانەی ژینگەی له چۆمان، وە بەستنی کۆنفرانس و هەڵمەتی پارێزگاریکردن و ووشیارکرنەوە بۆیە پێویستە گرنگی بە گەشت و گوزاری ژینگەیی بدرێت و جوانی سروشت و پارێزراوی سروشتی بپارێزرێت وەك ئاژەڵ و باڵندەی کێوی  دوور بێت له تەکنەلۆزیا ئەکەر بێت وبلێین گەیشتوینە ئاستی وولاتان نە گەیشتون و لەوان له پاش ترین(فتاح،س.پ،ل١٥١٣) و سەرنجی گەشتیارانمان ڕانەکێشاوە وەك پێویست

*وە هەروەها سەبارەت بە گەشت و گوزاری ژینگەی لە ناوچەی رەواندز وەك باسمان كرد بەهۆی سروشتە جوانەكەی و زەمینە لە بارەكەی بۆ گەشت چ لە ناو رەواندز چ لە دەوروبەری رەواندز بە تایبەتی هاوینە هەواری دۆلی فەقیان (ئاكۆیان) كە چەندین گوندی تێدایە وە چەندین زنجیرە چیای تێدایە كە دەكرێ كاری لەسەر بكرێ بەلاّم وەك پێویست كاریی لەسەر نەكراوە كە بكرێتە ناوچەیەكی پارێزراو بۆ راكێشانی گەشتیار بەلاّم بە شێوەیەكی گشتی ناوچەكە خۆی ناوچەیەكی لە بارە بۆ راكێشانی گەشتیاران بەلای خۆی بەهۆی سروشتە جوان و سەرنجراكێشەكەی وە هەندێك سەرچاوەی ئاوی لە رەواندز و دواجار بونەتە پێگەی گەشتیاری و وای كردوە كۆمەلێك گەشتیار رووی تێبكەن بەهۆی ئەو بنەما گەشتیارانەی كە لە رەواندز هەیە بەلاّم دوبارەی دەكەمەوە وەك دەزگا وەك حكومەت وە سیستەم وەك مۆسسات نیە كە ناوێك هەبێت بەناوی گەشەكردنی گەشت و گوزاری ژینگەی لەو دەڤەرە بەلاّم وەكو دەستەی گەشت و گوزار گەشت گوزاری ژینگەی وەك بەشێك لە گەشتوگوزار داناوە و كاری لەسەر دەكات بۆ ئەوەی بیبات بۆ قۆناغێكی پێشكەوتوو لەوەی ئێستا بونی هەیە واتە زیاتر بەرەو پێش بچێت.(فتاح،س.پ،ژ١٥١٣) ،(روستی).

**بەشی سێیەم**

**توانستی گەشەكردنی گەشت وگوزار لەقەزای رواندز:**

بێگومان هەموو چالاكییەكی جوگرافی پێویستی بە چەند توانستی سروشی و مرۆی هەیە بۆ ئەوەی روبدەن و گەشە بكەن جالاكی گەشت و گوزاری ژینگەی بۆ ئەوەی رووبدات و گەشە بكات پێویستی بە چەندین بتوانست سروشتی و مرۆیی هەیە كە دەبنە توخمی دروستبونی گەشت و گوزار لە هەر هەرێمێك توانستی سروشتی زۆر جار توخمی سەرەكی دروستبونی گەشت و گوزارن كە گرنگی و كاریگەری خۆیان هەیە لە دروستبونی چالاكی گەشت و گوزار بەلام بە بێ بونی ئادەمیزاد بیركردنەوە لێی ناتوانرێت وەگەر بخرێن وە زۆر جاریش لە زۆر جێگادا توانستە مرۆییەكان بەرپرسن و پێشەنگن لە بنەمای گەشت و گوزارییەكان و راكێشانی گەشتیاران.

**﴿باسی یەكەم﴾**

**توانستە سروشتییەكان**

**بەرزی و نزمی( تۆبۆگرافیا ):**

ناوجەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لە ناوچە هەرە بەرزی و نزمیە ئالۆزەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە رووی پێکهاتەی تەکتۆنی و دیاریدەی دەشتایی لێ بەدی ناکرێت هەروەها وەسف دەکرێت بە جیاوازی بەرزی و نزمی چیا بڵندەکان ئالۆزەکان و پێچاو پێچەکان و دۆلە قوول و تەسکەکان کە سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیدا رادەکێشێت و گەشتیاران هەڵدەستن بە ئەنجامدانی گەشتوو گوزاری ژینگەی بە هۆی جوانی ژینگەکەی و سروشتە سەرنج راکێشەکەی(عزیز، رسالەی ماستەر،٢٠٠٢،ل٣٥٤)، تۆبۆگرافیای ناوچەکە و چیاکان و دۆل و گردەکانی ناوچەکە بریتین لە:

١: چیای هەندرێن:

چیای هەندرێن بەشی ڕۆژهەلاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دێنێت ، بەرزی دەگاتە (٢٥٩٨)م و شێوەی قوچەکیە و تێکرای لێژی چیاکە دەگۆرێت بە ئاراستەی جیاواز.

٢:چیای کۆرەك:ئەمە بەشی باشوری ناوجەی لێکۆڵینەوە پێك دینێت و بەرزاییەکەی دەگاتە (٢١٢٥) م لەسەر ئاستی رووی دەریا شێوەی چیایەکی درێژە و لوتکەی جۆراوجۆری هەیە لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوای لە قەتپاڵەکانی رۆژهەلات لێژاییەکی زۆر بەرزە و شێوەی نارێکە و لاتەنیشتەکانی قۆقز و قوپاون.

٣:چیای گۆزەر:

ئەم چیاییە بەشی رۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دێنێت کە درێژبونەوەی چیای برادۆستە بەرزییەکەی(٢٠٥٨)م لە باشوری روباری رەواندز کە درێژیەکەی دەگاتە (١٥٩٦)م بەشەکانی رۆژئاوای چیاکە لێژاییەکی بەهێزە بە بەراورد لەگەل بەشەکانی تری بەشێك لە دۆڵەکە رووباری رەواندز بێکدەهێنێت.

دۆلەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە:

١:دۆلی ئاکۆیان:

ئەمە دۆلێکی چیای بەرزو نزمییە درێژدەبێتەوە بە درێژایی لە ناوچەی لێکۆلینەوە لە نێوان چیای هەندرێن لە رۆژهەلاتی چیای کۆرەك و لە رۆژئاوای چیای کارۆخ و کۆنە بەفران (غەفوور،٢٠٠٩،ل٥٧٦) .لەباشوری رەواندز لە باکوری چەندین گردی بەرزو نزم لە خۆ دەگرێت .

٢:دۆلی خەرەندی رەواندز:

ئەم دۆلە دەكەوێتە باكوری رۆژهاتی رەواندز بۆ باكووری رۆژئاوا ناوچەكە لە نێوان چیای گوزەر لە باكوور و باكووری رۆژئاوای چیای كۆرەك و لە باشور چیای هەندرێن و دۆڵی ئاكۆیان لە باشووری درێژ دەبێتەوە بۆ دووری (١٥كم) كە قولای دەگاتە (١٠٠)م .

٣:دۆلی جوندیان :

ئەمەش دۆلێكی بەرزی و نزمیە دەكەوێتە نێوان چیای زۆزك لە باكوور وە چیای هەندرێن لە باشور وە دادەنرێت بە دۆلێكی چیای درێژ و تەسك و رووباری جوندیان بە ناوەراستی تێدەپەرێت سەرەرای ئەم سێ دۆلە سەرەكییە چەند دۆلێكی لاوەكی لەخۆ دەگرێت لە چیاكانی لێژ دەبێتەوە وەك،مێگر وئارموشە گەلی گەرەك كە لێژ دەبێتەوە بە قەتپاڵی چیای كۆرەك و بە ئارەستەی دۆلی ئاكۆیان.(دینۆ،٢٠٠١،ل٨٩)

*وە ناوجەی لێكۆلینەوە چەند گردێك لەخۆدەگرێت كە پارچەیەكە لە زەوی بلّندترە بەلام لە چیاكان بەرزترن وە ناوچەی لێكۆلینەوە كۆمەلێ گرد لە خۆ دەگرێت لەوانە:

(ملتۆكل و گردی سوور و و قەلای شوشێ (پاشای گەورە) و گردی قۆنگرەی شەمامێ و مارا و سپیلك و قەرەزا كە بەسەر بێلرۆیان دادەروات و گردی ئیسقەلا و چەندین گردی تر كە ژمارەییان زۆرە (غەفوور،٢٠٠٩،ل٥٧٦)

**وێنەی ناوجەی شاخاوی رەواندز( خەرەند )**



**ئاوهەوا:**

ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە لە وەرزی زستان بە باران و بەفرە گەلێ جاریش ئەوەندە سارده ژیانی مرۆڤی تێدا سەخت دەبێت و پلەی ساردی دەگاتە ژێر سفرەوە ، ڕەواندوز ئەگەر زستانی بە کرێوە و بەفر بێت بەهاریش تەڕ و توشە بەڵام وەك زستانەکە بکوژی بۆ ئادەمیزاد و ئاژەڵ نییە ڕوو لە هەر لایەکی بکەیت هەمووی کانیاو و گیاو سەوزە جۆرەها گوڵ و گەڵزاری سروشتیە ڕۆژە بێ باران و بەفرەکانی ئەم وەرزەش (بەهار) بۆ ئادەمیزاد کاتی سەیران و خۆشیە. کەشی وەرزی هاوینیش بۆ ئادەمیزادەکانی گەشت و گوزارە جارجاریش لە هەندێ ڕۆژەکانی نیمچە گەرمای سەر هەڵدەدات بەڵام شەوەکانی فێنکن جێی ڕۆژە (نەقشبەندی،٢٠٠٤،ل٤٦٧).گەرمەکان دەگرنەوە. ئادەمیزاد سەخڵەت ناکات چونکە ١٠٠م لەسەر

دەریاوە بەرزە و (٧٥) کم لە شاری هەولێرەوە دوورە بروانە وێنەی(٤)




بەفری کەڵەکە بوو بەمەش ڕووبارەکان ئاوی زۆر دەبێت لە کاتی بەرز بوونەوەی پلەی گەرما لە وەرزی هاوین دەبێتە هۆی لە دەست دانی بڕێکی زۆری ئاو لە ڕووبارەکان بە هۆی بە هەڵم بوون. کەواتە پلەی گەرما لە وەرزی هاوین مام ناوەندە لە وەرزی زستان نزمە کەوا دەبێتە هۆی دابارین بەفر بە ڕێژەیەکی زۆر لە قەزای ڕەواندوز، ئەم ئاوهەوایە گونجاوە بنەمایەکی کاریگەرە بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران و توانستێکی گونجاوە بۆ درووست بوون و گەشە کردنی گەشت وگوزاری ژینگەیی.(جامباز،٢٠٠٦،ل١٣)

لەم روانگەییەوە هەندێك پێیان وایە ئاوهەوای گونجاوی گەشت و گوزاری (بریتییە لەو ئاوهەواییەی دەناسرێتەوە بە ئاوهەواییەکی مامناوەند نە زۆر گەرم نەزۆر سارد لەکەژە گەشت و گوزارییەکاندا ، نەبونی زێدەرۆی گەرمی لە رۆژ و شەودا لە گەل زۆری رۆژە پرخۆرەکان و هەوای پاك و بێگەرد ونەبونی باییە بەهێزو بێزارکەرەکان.

**هاوکێشەی** ثوم:

رێبەری **ثوم** پشت بەهەردوو رەگەزی پلەی گەرمی و شێ دەبەستێت کە بە پێوەرێکی شیاوی دەزانێت بۆ هەستی مرۆڤ گەرمدا و هەستکردن بە پشوو ناوبراو لەرێگەی هاوکێشەکەییەوە چەند گاپێکی بۆ ئاستی هەستکردنی مرۆڤ بە ئارامی و جۆری ئاوهەوای گەشت و گوزاری داناوە هەمو ئەو پلە گەرمییەی کە مرۆڤ بە پشوو ئارامی دەکات لە نێوان (١٨_٢١)س داناوە (نجمدین ،٢٠١٢،ص٣٥).

## سامانی ئاو:

دەرامەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە تارادەیەکی باش دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاوی کە گرنگی خۆی هەیە بۆ دروست بون و گەشەکردنی گەشت و گوزاری ژینگەی چونکە دەرامەتی ئاوی سیمایەکی جوان بە ناوچەکە دەدات و سەرنجی گەشتیار بە لای خۆی رادەکێشێت وژینگەیەکی ئارام و دلرفێن بە ناوچەکە دەبەخشێت رەواندز سەرچاوەی ئاوی گرنگی لێیە کە خۆی لە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەویی کە بەهۆی باران بارینی گونجاوکە جۆگە و کانیاو دروست دەکات و جۆری خاکیش گرنگە ئەگەر خاکەکە کونیلە دارو نەرم بوو یامەتی رۆیشتنی ئاو بۆ ناو خاکەکە دەدات ئەمەش یامەتیدەرە بۆ ئەوەی ئاوی ژێر زەوی دروست دەبێت لەشێوەی کانیاو وەك (کانی مێگر) و (کانی جوندیانی ) و (کانی کەرەك) و (کانی بێجان) و(کانی گەرەوانی ژوور) و(کانی گۆرانك) و(کانی مار ) و (کانی بێشوك) و (کانی کونە ماسی) و (کانی هەرمێ) و(کانی دەنگارە ) و کانی عالمان) و (کانی حالە رەش) و (کانی بێمێرد) و(کانی سێوسێوك) و (کانی بێرۆیان ) و (کانی مەلا نەبی).(عزیز،س.پ،ل٣٤٥ )وە هەروەها چەند روبارێك بەدی دەکرێت لە رەواندز لە گرنگترینیان :

– رووباری رەواندز: کەسەرچاوەی ئاوی رەواندز لە ولاتی ئێرانە و لە گەروی لاجان لە ناحیەی خانی پاشان دێتە نێو ئاوی جۆگەکانی دەوروبەری چیاکانی حاجی ئۆمەران و دێتە سەروی جۆمان و گوندەکان و دەورووبەریجیای هەلکورد و ە دێتەوە سەر ئاوی دۆلی سەکران و دۆلی روستێ و پاشان

ئاوی روباری باڵەکیان و دێتەوە سەر ئاوی جوندیان و دێتەوە رەواندز لەگەڵ ئاوی بێخال و گەلی عەلی بەگ تێکەڵ دەبێت .(غەفوور ،س.پ،ل٥٧٨)

– رووباری وەرزی بێرۆیان: رووباری ئەم وەرزە لەوەرزی باران بارین لە زستان و بەهار دروست دەبن و ئاویان پێدا دەروات لە وەرزی هاوین وشك دەبن بە هۆی نەبونی باران یان بەنەمانی بەفر لەسەر چیاكان وە سەرچاوەكەی لە دۆلی ئاكۆیانە كە سە رچاوەكەی لە گوندی بێمێردە دەروات تا دەگاتە روباری رەواندز.( عزیز،س.پ،ل٣٤٦)

## ژیانی زیندەگی ( پارێزراوی سروشتی):

ئەمەش خۆی لە ئاژەڵ و باڵندەی كێوی دەبینێتەوە كە لە سروشتێكی جوان و سەرنج راكێش بونی هەیە و سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیدا رادەكێشێت بۆ گەشت كردن و بەسەر بردنی كاتێكی خۆش بە سەیركردنی ئەم دیمەنە جوانوسەرنج راكێشانە لە جوانی ژینگە و ئە ئاژەڵ و باڵندە كێویانە وە كەلتوری ناوچەكە دەور دەبینێت زۆر جار باس ناكرێت بەلام كەلتور یەكێكە لە بنەما گرنگەكان بۆ راكێشانی گەشتیاران كە خۆی دەبینێتەوە لە داب و نەریتی و خانوو وە چۆنیەتی پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری بۆ گەشتیاران دەبێت لە گەل كەلتوری گەشتیاران بگونجێت وە، وە پێویستە لە سەر لایەنی بەرپرس كە بریارێك دەربكات بۆ پاراستنی ئاژەڵ و باڵندەی كێوی بۆ ئەوەی لە سروشتی خۆیان بهێلدرێنەوە و لەلایەن هیچ كەسێكەوە راو نە كرێن و بازرگانین پێوە نەكرێت وە هەروەها گەشەیان پێ بدرێت بە جۆراو جۆر كردنی ئاژەڵەكان و جۆراو جۆر كردنی (تۆفیق ،٢٠٠٦،نامەی ماستەر،ل١٨) باڵندە كێویەكان ، زۆربەی شوێنە شاخاویەكانی هرێمی كوردستان پارێزراوی سروشتیا ن هەیە بەتایبەتی ناوچەی رەواندز ئەمەش وای كروەە كاردانەوەیەكی باشی هەبێت بۆ دروست بوون و گەشەكردنی گەشت و گوزاری ژینگەیی وا دەكات گەشت و گوزار گەشە بكات ئەوەش لە رێگای بەكارهێنانی ئەو شوێنە پارێزراوانە بۆ گەشت و چالاكی زانستی و باش كردنی سروشتی ژینگە (سعید،١٩٨٠،ل٢٣٤)

## خاوێنی ژینگە و بێدەنگی:

یەکێك لە لە هەرەرە لایەنە باشەکانی هەر ناوچەیەك کە پێی ناسراوە وە بۆ دروست بونی گەشت و گوزاری ژینگەیی ئەوەیە کە زۆر پاکەوە بێت و ئارام بێت و گەشتیار هەست بە ئارامی بکات و وە زۆر لایەنی تر دەگرێتەوە هەر لە سەیر کردنی جاو دەست پیّ دەکات ئەگەر ژینگەیەکی شێوێندراو بێت و چاوی گەشتیار پیس دەکات وە هەروەها لە دەنگ و کارگە و سەیارە و تەکنەلۆزیا و زاوەزاو دوور بێت و مێشکی گەشتیار تێك دەدەن وادەکات گەشتیار هەست بە نائارامی بکات وە کادەکاتە سەر سەر جوانی سروشتەکە و ئاژەڵ و باڵندە کێویەکان لەو ناوچەیە وە دوای ئەوەی مرۆڤ زۆر ماندوو دەبێت پێویستی بە جێگایەکی ئارامە بۆ پشودان و گەشتی ژینگە وەك ناسراوە گەشتێکە پەیوەندی بە جێگای هێمن و ئاراموکانەوە هەیە بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش وە ئەمەش یەکێکە لە لایەنە گرنگەکان بۆ دروست بون و گەشە کردنی گەشت و گوزاری ژینگەیی وە ناوچەی رەواندز بە هۆی سروشتە جوان و دڵرفێنەکەی و ژینگە سەوز و ئارامەکەی زەمینەیەکی لەباری هەیە بۆ درووست بون و گەشەکردنی گەشت و گوزاری ژینگەیی و سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیدا رادەکێشێت.(رواسیدە،٢٠٠٩،ل٦٧)